بەشی دووەم

شەخس پەرستی و شەریك بۆ خوا دانان

====================

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

پێشەكی

زیان و مەترسی شەریك بۆ خوا دانان لەسەر ئادەمیزاد

(١) شەریك بۆ خوادانان گەورەترین زوڵم و ستەمە. وەك پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾ (لقمان:١٣).

(٢) وە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی گەورە ترین تاوان بریتی‌یە لە [أن تجعل لله نـداً وهوخلقـك][1] واتە هاوەڵ و هاوشێوە و شەریك بۆ خوا دابنێیت لە حاڵەتێكدا كە تەنها ئەو تۆی دروست كردووە !.

(٣) پەروەردگار لەشیرك خۆش نابێت بە هیچ شێوەیەك وە لێبوردن و عەفو كردن شمولی شیركی گەورە ناكات :

﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا﴾ (النساء:٤٨).

واتە پەروەردگار لە گوناهێك خۆش نابێ كە بریتی بێ لە شەریك بۆ دانانی.بەڵام بە گوێرەی ویستی خۆی خۆش دەبێت لە هەر گوناهێكی تر جگە لە شیرك. وە هەركەسێ شەریك بۆ خوا دابنێ ئەوە گوناهو بوهتان و درۆیەكی گەورەی كردووە چونكە خوا شەریكی نی‌یە لەڕاستیدا.كەواتە ئەگەر كەسێك لەسەر شیركی گەورە مردبێت بێ ئەوەی تۆبەی لێ كردبێ ئەوە پەروەردگار بەهیچ شێوەیەك لێی خۆش نابێت.

كەواتە شەریك بۆ خوادانان گەورەترە لە كوشتنی نابەهەق و زیناو دزیو هەموو تاوانە گەورەكانی تریش !.

(٤) شەریك بۆ خوا دانان دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هەموو كردەوەو چاكەیەك.

﴿وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ (الزمر:٦٥)..

واتە ئەگەر شەریكت بۆ اللَّهُ دانا ئەوە كردەوەكانت هەڵدەوەشێنەوە.

(٥) زەرەرمەندبوونی دونیاو قیامەت ، وەك پەروەردگارفەرمویەتی:

([1]) البخاري:٤٤٧٧

(...وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ).واته ئەگەر شەریکت بۆ اللَّهُ دانا ئەوە لە زەرەرمەندان دەبیت.

(٦) حەرام بونی بەهەشت لێیان وە:

(٧) چونیان بۆ ناو دۆزەخ و مانەوەیان تیایدا بە بەردەوامی وە:

(٨) هاوبەشی پەیداکەران هیچ شەفاعەت کارو سەرخەرێکیان نی‌یە.وەك خوای گەورە فەرمویەتی :

﴿اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ﴾ (المائدة: من الآية٧٢).

واته: هەریەکێك شەریك بۆ اللَّهُ دابنێت ئەوە پەروەردگار بەهەشتی لێ حەرام کردووەو، شوێنیشی دۆزەخـەو، وە هـیچ پشتیوانێکیان نی‌یە ڕزگاریان کات لەم حاڵە.

وە شیرك سوکایەتی‌یە بۆ مرۆڤ ؛ چونکە مل کەچـی و بەندایـەتی دەنوێنێـت بـۆ پەرسـتراوێکی وەکـو خـۆی بـێ دەسەڵات ودروست کراو!.وەئومێدو متمانەی بە خوا کەم‌دەبێتەوەو ئیعتیماد دەخاتە سەر شتی خـورافی و دارو بـەردو پەڕۆو گۆڕ، وە لە هەموو ئەو شتانەش دەترسێت.

شیرك دوو جۆری هەیە[٢]

جۆری یەکەم: شیرکی گەورەو ئاشکرا (شركٌ أكبرٌ جَلِيّ)

خاوەنەکەی پێی لە ئیسلام دەچێتە دەرو کافردەبێ (دوای چەسپاندنی بەڵگە - إقامة الحجة - لەسەری) ، وە هـەموو ئەو زیان ومەترسی وهەڕەشانەی پێشوشی لەسەرە؛ وە ئەوەی جێگای مەترسی‌یە ئەوەیە کـە خـەڵکانێك و کۆمـەڵانێك لەو ئوممەتە دەگەڕێنەوە سەر دینی هاوەڵ و شەریك بۆ خوا دانان، وەك لەحەدیسدا هاتووە:

((ولا تقوم الساعة حتى يلحق حيٌّ من أمتي بالمشركين، وحتى تعبد فئام من أمتي الأوثان)) [٣]

کەواتە شیرك لە ناو ئەو ئوممەتەدا هەیە؛ لەبەر ئەوە زۆر زەرورە موسڵمان وریای بێت ولە هـەموو خراپەیـەك زیـاتر خۆپارێزی لێ بکات. وە خۆپارێزی بەوە دەست پێدەکات کە جۆرەکانی شیرك بناسێت بەوردی تاوەکو بتوانێت خـۆی لـێ بپارێزێت بەیارمەتی اللَّهُ؛ چونکە کە دوژمنت نەناسیت ناتوانیت خۆپارێزی لێ بکەیت!.

جۆری دووەم: شیرکی بچوك و ون

(شرك أصغر خفيّ)

خاوەنەکەی پێی لە ئیسلام ناچێتەدەرو کافر نابێت بـەڵام گونـاهێکی زۆر گەورەیـەو ئـەو کردەوەیـە هەڵدەوەشـێنێتەوە کەشیرکە کەی تێدا کراوەو مەترسی چونە دۆزەخی لێ دەکرێت. وە لەبەشی دووەمی ئـەم بابەتـە بەدرێـژی باسـی لێـوە دەکەین إن شاء الله.

---

(2) هەندێك لە زانایان فەرمویانە جۆری سێیەمیشی هەیەکە بریتی‌یە لە: شیرکی ون و نادیار (الشرك الخفيّ). بەڵام ئـەو زانایانـەی کـە فەرمویانە تەنها دوو جۆرە، هەندێکیان وەك العلاّمة عبدالرحمن بن ناصر السعدي- لـە(القول السديد شرح كتاب التوحيد: ص ٢٤)– ئـەم شیرکە ون و نادیارەیان بە شیرکی بچوك حیساب کردووە،وە هەندێکیشیان لە نێوان هەردوو جۆرە کەیان داناوە؛ واتا ئەوەیە کە لەگومانـدایت لە شیرکی گەورە بێت، یا بچوك ؟!. وە لات ڕون و ئاشکرا نی‌یە؛ چونکە شیرکی نادیـاری وا هەیـە گەورەیـەو هەشـیەتی بچـوکە ، بڕوانـە: (المدخل لدراسةالعقيدة الإسلامية) ص ١٢٧.

(3) رواه أبو داود:٤٢٤٤.صحيح على شرط مسلم.